# قەزای کۆیە لە چاخە بەردینیەکاندا

**ئەردەڵان عثمان حسن خۆشناو[1] - هێمن نعمان کاوێس[2]**

[1+2]بەشی شوێنەوار، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

چاخە بەردینیەکان بەدرێژترین ماوەی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت لەسەر ڕوی زەوی، و ناوبردنی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تەکنیکی لەبەکارهێنانی بەرد بەشێوەی سەرەکی لەگەڵ دار و بەرهەمەکانی و ئێسک لە دروستکردنی ئامرازە بەکارهاتوەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمانە، هەروەها دابەشکارییەکەشی لەسەر بنچینەی شێوە و شێوازی دروستکردنی ئامرازە بەردینییەکان و جۆری ئەو بەردەی کە لێی دروستکراوە.

قەزای کۆیەش وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق چەندین پێگەی شوێنەواری ئەم چاخانە لەخۆدەگرێت کە خۆیان لە ژمارەیەک ئەشکەوت، پەناگە و دۆڵ و گرد و کەنار ڕوبار دەبینێتەوە، کە سەردەمەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوە جیاوازەکانی چاخی بەردینی. بەپێی ئەو ڕوپێوە شوێنەوارییانەی کە لەسنوری قەزای کۆیە ئەنجامدراوە، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوە و سەردانە مەیدانیانەی ئەنجامان داوە لەم بوارەدا، چاخە بەردینییەکانی ناوچەکە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان دابەشدەبنە سەر چەند ماوەیەک، وەک چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی ناوەڕاست و چاخی بەردینی نوێ.

**کلیلە وشەکان:** چاخە بەردینییەکان، ئامرازی بەردین، قەزای کۆیە، پێگەی شوێنەوارییەکان، گوند.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17
**Received:** 24-May-2022
**Accepted:** 07-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
khwshnaw.ardalan@gmail.com
hemin.kawes@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

شارستانییەتی میزۆپۆتامیا، یەیەکێك لە شارستانییەتە هەرە پێشکەوتوەکانی جیهانی کۆن ئەژماردەکرێت، بەوەی کە زۆرێك لەداهێنانەکان لەم شوێنەوارە سەریان هەڵداوە لەپێش هەمو داهێنانەکانیش نیشتەجێبون، کشتوکاڵکردن، نوسین و ..... هتد. هەرێمی کوردستانیش کە قەزای کۆیە بەشێکە لێی، مەڵبەندی یەکەمینی بەشێکی زۆری ئەو داهێنانەبوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زیاتر خستنەڕوی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ژیان و ڕوخسارەکانی شارستانییەت لە سنوری قەزای کۆیە، هەر لەسەردەمی چاخی بەردینی کۆنەوە و تاکو کۆتایی چاخی بەردینی نوێ.

میتۆد و کەرەستەی نوسینی ئەم توێژنەوەیە برتییە لە لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی ئامرازە بەردینییەکانی سەر ڕوکاری پێگە شوێنەوارییەکانی سنورەکە، کە بەشێوەی مەیدانی کۆکراونەتەوە و بەراوردکردنیان بە پاشماوەی ئامرازە بەردینییەکانی پێگە شوێنەوارییەکانی تری کوردستان کە مێژویان بۆ ئەو چاخانە دەگەڕێنەوە. لەگەڵ پشت بەستن بەو ڕوپێوییە شوێنەوارییە گشتگیرانەی کە لەسەردەمانی جیاواز لە سنوری قەزای کۆیە ئەنجامدراون. لەنمونەی ڕوپێوییە شوێنەوارییەکانی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو کە لەلایەن دەزگای شوێنەواری عێراقەوە ئەنجامدراوە. یەکێکی تر لەسەرچاوەکان بریتییە لە ڕوپێوێکی شوێنەواری بە بەشداری فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە لە نێوان (٢٠٠٣\٩\١٤ بۆ ٢٠٠٣\١٠\١٧) بەسەرپەرشتی بەڕێز (كمال نوری معروف) و بەشداری هەریەک لە بەڕێزان (ئیسماعیل صابر و احمد نادر) لە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە توانراوە (٦٠) پێگەی شوێنەواری بەسەر بکرێنەوە و تۆماربکرێن بەبێ دیاریکردنی پێگەکان لەسەر نەخشە، (١٠) لەو پێگانە پێشتر لەلایەن دەزگای شوێنەواری عێراقەوە تۆمارنەکرابون. دەرئەنجامەکانی ئەم پرۆژەیە لەشێوەی ڕاپۆرتی بەسەرکردنەوە بەدەست نوسراون و تاکو ئێستاش بڵاونەکراونەتەوە (فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، ٢٠٠٣)، لەگەڵ ڕوپێوی شوێنەواری شاروچکەی سکتان، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجامدرابو بەبەشداری (هێمن نعمان کاوێس)، کە یەکێك لە ئامادەکارانی ئەم توێژینەوەیە، کۆتا توێژینەوەش کە دەربارەی (کرنۆلۆجیای قەزای کۆیە)یە بەگشتی، بابەتێکە کە لە پرۆسیدینگی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لەڕەوتی شارستانییەتدا لە زانکۆی کۆیە لەساڵی (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن (د. دڵشاد زاموا)وە ئامادەکراوە.

سەبارەت بە توێژینەوەی تایبەت بەم چاخانە لەسنوری قەزای کۆیە، ئێستا سێ توێژینەوەی تایبەتمەند بە چاخە بەردینییەکان و پاشماوەکانی ئەم سەردەمانە لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە؛ یەکەمیان بابەتێکی کورتە بەناوی (بەردە ئەستێکانی شوێنەواری سەرمەیدانی گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە) لەلایەن (عەلی نوری) ئامادەکراوە و لە ژمارە (٨) گۆڤاری هەزارمێرد بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی (١٩٩٩). دوەمیشیان لەلایەن بەڕێزێکەوە بەناوی (ئیسماعیل) لەزانکۆیەکی دەرەوەی عێراق ئەنجامدراوە، دوای هەوڵ و سۆراغێکی زۆر پەیوەندیکردن لەڕێگەی تەلەفۆن و ئیمێڵەوە هیچ زانیارییەکمان دەستنەکەوت. سێیەمیشیان توێژینەوەیەکە بەزمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

Bladelet production by Pressure- Faking at the Proto-Neolithic site of Satuqal in Iraqi ) Kurdistan) ئامادەکراوە لەلایەن (Osamu Maeda and Cinzia Pappi) لە ساڵی (٢٠١٩) دەربارەی تەنها یەک پێگەی ئەم سنورە کە ساتوقەڵایە لەچاخی بەردینی نوێ. بۆیە کۆکردنەوەی داتاکانمان پشت ئەستورە بەو ڕوپێوییە شوێنەوارییە گشتگیرییانەی لەسەرەوە باسمان لێوە کردون لەگەڵ ئەو سەردانە مەیدانیانەی کە توێژەرەکان بۆ ناوچە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە ئەنجامیان داوە.

توێژینەوەکەمان لە دو بەشی سەرەکی و دەرئەنجامێک پێکدێت، کە لەبەشی یەکەمدا کورتەیەکمان دەربارەی ژینگە و ئاووهەوای قەزای کۆیە بەگشتی خستۆتەڕو، چونکە ژینگە و ئاووهەوا لەسەرەکیترین هۆکارەکانی دروستبونی شارستانیەتن لە هەمو جیهاندا. بەشی دوەمیش کە کرۆکی بابەتەکەمانە تێیدا باسمان لە خەسڵەتە گشتییەکانی هەریەک لە ماوە جیاوازەکانی چاخە بەردینییەکان بەگشتی کردوە و پێگە شوێنەوارییەکانی سنوری قەزای کۆیە کە مێژویان بۆ ئەو سەردەمانەی دەگەڕێتەوە ئاماژە پێداوە و لەسەر نەخشەی تایبەتی قەزای کۆیە بەناو پێگە شوێنەوارییەکانمان دیاریکردوە، لە ناوەڕۆکیشدا ئاماژەمان کردوە بە ناوی پێگەکان هاوشان لەگەڵ ناوی گوندەکەیان و هەڵکەوتەیان بەپێی شوێنی گوندەکە. لەهەمانکاتدا نمونەی ئامرازی بەردینی چەند پێگەیەکی سنورەکەمان کۆکردۆتەوە لەگەڵ هاوشێوەکانی لە پێگە شوێنەوارییەکانی تری کوردستان بەراوردمان کردون. لە کۆتاییشدا بەخشتە و گرافیکێک ناوی پێگەکان و سەردەمەکانیان و ساڵ و جۆری چالاکیە شوێنەوارییەکان و دۆزراوەکانیان، لەگەڵ ڕێژەی دابەشبونی چاخە بەردینییەکان لە سنورەکە خستۆتەڕو.

گرفتە سەرەکیەکانی بەردەمی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان خۆی دەبینییەوە لە فراوانی سنوری قەزای کۆیە، کە هەوڵمانداوە زۆرینەی پێگەکان بەسەر بکەینەوە (ئەوانەی لە ڕوپێوییەکانی پێشتر تۆمارکرابون و ئەوانەشی پێشتر لە هیچ ڕوپێوییەک تۆمارنەکرابون). ئەمەش پێویستی بەتەرخانکردنی کاتێکی زۆر لەگەڵ بودجەی تایبەت و پشتگیری دارایی هەیە کە بەردەست نەبون و پێویستییەکانمان لەسەر ئەرکی خۆمان دابین کردوە. گرفتێکی تر کەمی توێژینەوەو سەرچاوەی تایبەتە بە سنوری قەزای کۆیە لەو چاخانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆمانداوە بۆ ئەوەی زانیاری دروست و تەواو بخەینە بەردەست خوێنەران بە زمانی شیرینی کوردی، ئەوەش بەومانایە نایەت کە کارەکەمان بێ کەموکورتییە، چونکە کاری تەواو و کامل تەنها کاری خودایە.

## ١. کورتەیەک دەربارەی ژینگە و جوگرافیای قەزای کۆیە:

هەروەک باوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مێژویی و شوێنەواری لەسەر هەر ناوچەیەک بێت پێویستە سەرەتا لایەنی جوگرافی دیاری بکرێت و ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بخرێتە بەرباس، لەبەرئەوەی پێگە و ئاووهەوا و دیاردە جوگرافییەکانی تر یەکێکن لەهۆکارە سەرەکیەکانی دروستبون و لە ناوچونی شارستانییەتەکان لە جیهاندا، لەم ڕووەشەوە پاشماوە شوێنەوارییەکان بریتین لەکارلێکی نێوان کارەکانی مرۆڤ و ژینگەکەی (الجميلي و ذنون، ٢٠٢١،ص١٩٥ ).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

## ١. ١. پێگەی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی:

قەزای کۆیە پێگەیەکی جوگرافی گرینگی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا هەیە، کەوتۆتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە (تەیب، ٢٠٠٨، لا٢٣). دیاریکردنی پێگەی ئێسترۆنۆمی گرینگی زۆری هەیە بۆ زانینی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئاووهەوا و گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر و جیاوازی درێژی شەو و ڕۆژ لەهەر یەک لەوەرزەکانی ساڵدا. ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (٤٧.٣٥°–١٨.٣٦°) باکور و هەردو هێڵی درێژی (١٥.٤٤°–٥٧.٤٤°) خۆرهەڵات (سەعید، ٢٠٠٦، لا٩).

## ٢,١. سنوری کارگێڕی و ڕوبەر:

لەدیاریکردنی پێگەی جوگرافی قەزای کۆیە بۆمان دەردەکەوێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە ناوەڕاستی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، ئەگەرچی قەزاکە بەشێکە لە پارێزگای هەولێر کەچی نزیکەی ٣\٢ سنورەکەی هاوشانە لەگەڵ  پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژهەڵات و پارێزگای کەرکوک لەباشور (عومەر، ٢٠٠٩، لا٤٥). بەجۆرێک سنوری کارگێڕی قەزاکە لەڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزاکانی (ڕانیە و دوکان) لەباشوری ڕۆژهەڵاتیش هاوسنورە لەگەڵ قەزای چەمچەماڵ کە هەمویان سەر بەپارێزگای سلێمانین، لەو بەشەی تری باشوریش کە ماوە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی شوانی سەر بەمەڵبەندی قەزای کەرکوک، لەلای ڕۆژئاواش هاوسنورە لەگەڵ قەزای دەشتی هەولێر هەروەها لەباکوریش هاوسنورە لەگەڵ قەزای شەقڵاوە کە سەر بەپارێزگای هەولێرن (عەزیز، ٢٠٠٦، لا١٠). بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).

بە بۆچونی ئێمە ئەم هەڵکەوتە جوگرافیەی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە کەوتۆتە نێوان ئاوەدانییە فراوانەکانی کوردستان لەکۆن و ئێستاشدا بەدرێژایی چاخەکانی پێش و دوای مێژوش، ڕەنگدانەوەی بەهەردو بارە ئەرێنی و نەرێنییەکەی بەسەر ڕەوتی ژیان و شارستانییەت لەناوچەکەدا هەبوە.

سەبارەت بە ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەش ئەوا دەبینین گۆڕانکاری بەردەوام هەبوە لە فراوانبون و بچوک بونەوەی ڕوبەری قەزاکە بەپێی گۆڕانکاری لەهەلومەرجی سیاسی ناوچەکە، سەرەتا شارەکە سەر بەکەرکوک بوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، دوای ئەوە بوە قەزایەکی سەر بەلیوای سلێمانی بۆماوەیەکی کورت و لەسەردەمی (شێخ محمودی حەفید) لەڕێکەوتی ١٩١٨\١١\١٥ز تاکو ١٩١٩\٦\١٩ز، دواتر لەمانگی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩١٩ز خرایە سەر لیوای هەولێر، کە تازە دامەزرابو تاکو ئەمڕۆش هەرقەزایەکی سەر بەو پارێزگایەیە. سەرەتا پێکهاتبو لەدو یەکەی کارگێڕی کە بریتیبون لە ناحیەی سەنتەر و ناحیەی تەقتەق (شارەزا، ١٩٩٧، ص٤٠). لەئێستاشدا قەزای کۆیە لە (٦) یەکەی کارگێڕی پێکدێت کە بریتین لە سەنتەر و هەریەک لە ناحیەکانی (تەقتەق، شۆڕش، ئاشتی، سکتان، سێگردکان)، کۆی گشتی ڕوبەرەکەی (٢٠٥٢)کم² کە دەکاتە زیاتر لە (١٤%) کۆی ڕوبەری پارێزگای هەولێر پێکدێنێت (سەعید، ٢٠٠٦، لا١٢).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

### ١,٣ تۆبۆگرافیا و ئاووهەوای قەزای کۆیە:

ڕوخسارەکانی ڕوی زەوی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانەن کە بەدرێژایی مێژوی چاخە جیۆلۆجییەکان بەسەر ناوچەکەدا هاتون و ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن لە دروستبونی نشینگە و ئاوەدانییەکان (الزیدي، والطلبي، ٢٠١٩، ص٤٠٤)، بونی تۆبۆگرافیایەکی جیاواز ژینگە و خەسڵەتی جیاواز دەنوێنێت، ئەمەش هەمەجۆری ئاووهەوا و جۆراوجۆری ئابوری لێدەکەوێتەوە (عومەر، ٢٠٠٨، ل٨٥)، مرۆڤ بەسروشتی وایە کە پێویستی بە گۆڕانی کاتی و چون بۆ ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگە هەمیشەیەکەی خۆی هەیە لەهەردو باری سروشتی و مرۆییەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی، بەڵام ئەم بارە، لەحاڵەتی قەزای کۆیەدا هەر لەچوارچێوەی سنوری قەزاکە بوە بەهۆی ئەو هەمەجۆرییەی لەسەرەوە باسکرا ئەو پێداویستیانە دابینکراوە.

بەگشتی قەزای کۆیە تۆبۆگرافیایەکی هەمەجۆری هەیە، زۆرینەی خەسڵەتەکانی لەخۆگرتوە، لە نمونەی چیا و دۆڵ و بان و دەشت و ڕوبارەکان. چیاکان وەک زنجیرە چیای هەیبەتسوڵتان لەڕۆژهەڵات کە بەرزترین لوتکەی (١٢٩٣)م و لە بەشی باکوریش زنجیرە چیاکانی (باواجی) (١٢٧٣)م و (بەنەباوێ) (١٣٣٦)م و (ئاوەگرد)، (١٤٧٠م) و (کێشکێ) (١٢٣٩)م.

ئەمە جگە لەو شاخانەی کە بەرزییان لە (١٠٠٠)م کەمترە، وەک (گۆڕقەرەج و تەکەڵتو) لەباشور و (چەرمەگا و دیدەوان و حەسەن مەترەب) لەڕۆژئاوا (سەعید، ٢٠٠٦، ل٢٦-٣٣). دەشتەکانیش وەک (دەشتی کۆیە) لە باشور و ڕۆژهەڵاتی قەزای کۆیە دەشتەکانی کەناراوەکانی زێی بچوک کە هەمو باشوری قەزاکەی گرتوتەوە، لەگەڵ دەشتەکانی گردگۆران و قاقا لەوپەڕی باکوری ڕۆژهەڵات و بانی تاڵەبان لە ناوەڕاستی سنوری کارگێری قەزاکە، ئەمە جگە لە دەشتی ئەشکەوت سەقا لە ڕۆژئاوا. سەبارەت بە دۆڵەکانیش دۆڵی سماقوڵی و نازەنین و سکتان گرینگترین دۆڵەکانی قەزاکەن کە کەوتونەتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات. لەڕوی سەرچاوەی ئاویشەوە، جگە لە زێی بچوک ژمارەیەک ڕوباری وەرزی و جۆگەلەی زۆر هەن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کارێز و کانی کە بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش سودی لێوەرگیراوە لە کۆن و ئێستادا (سەعید، ٢٠٠٦، ل٣٤-٣٦: عزیز، ٢٠٠٦، لا٧٤).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

نەخشەی ژمارە (١)، پێگەی قەزای کۆیە لە هەرێمی کوردستان- عێراق

بە پێوەری، ١: ٧٥٠٠٠٠، سەرچاوە: ئامادەکراوە لەلایەن محمد لشکری، ٢٠٢١




ئامادەکردنی نەخشە: محمد لشکری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

سەبارەت بەکەش و هەوای ناوچەکەش، وەک ئاشکرایە ئاو و هەوا بەیەکێک لەگرینگترین هۆکارە سروشتیانە دادەنرێت کە ڕۆڵی کارای لەسەر سروشتی پێکهاتەی ڕوخسارەکانی ڕوی زەوی و چالاکیە مرۆییەکانی دانیشتوانیشدا هەیە، مەبەست لە ئاووهەواش هەمو ڕەگەزەکانی وەک (پلەی گەرما، با، باران) دەگرێتەوە. ئەگەر سەرەتا لە پلەی گەرمیەکەیەوە دەست پێبکەین، دەبینین کەهاوینی گەرم و وشکە زستانی ساردە ورزەکانی بەهار و پایزیشی مامناوەندیە، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە پلەکانی گەرما لەبەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات جیاوازی بەرچاویان هەیە لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی تری قەزاکە ئەویش لەبەر جیاوازی لە بەرزونزمی ڕوی زەوییەکەی (سەعید، ٢٠٠٦، لا٣٨). سەبارەت بەو بایانەش کە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە هەڵدەکەن، بەگشتی دەتوانین بڵێین بایەکی خۆجێی هەڵدەکات کە خەڵکی سنورەکە بە (ڕەشەبا) ناویدەبەن و ئەم بایە لەزستان و هاوین هەڵدەکات بۆماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت و لەهاویندا گەرمی و لە زستانیشدا ساردی لەگەڵ خۆیان دەهێنن و زیان بەبەروبومی کشتوکاڵی دەگەیەنن (حەوێزی، ٢٠٠٧، لا١٠).

ڕێژەی دابارینی باران و بەفری هەرشوێنێک لەکۆن و ئێستاشدا گرنگی خۆی هەیە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری و مێژویی، چونکە ئەم ڕێژەی دابارینە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ژیان و قەبارەی نشینگەکە دەبێت بەتایبەت بۆ شوێنێکی وەک ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە کشتوکاڵەکەی دێمی بوە و پشتی بەئاوی باران بەستوە، تەنانەت لەئێستاشدا زۆرینەی زەوییەکانی بەگەنم و جۆ و پاقلەمەنییەکان دادەچێنرێت کە ئەمانە پشتیان بەئاوی باران بەستوە.

دابارین لەقەزای کۆیە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەکاتێکەوەش بۆ کاتێکی ترجیاوازە، بڕی باران بارین دەکەوێتە نێوان هەردو هێڵی یەکسانی کەمتر لە (٤٠٠)ملم و زیاتر لە(٩٠٠)ملم ساڵانە، جیاوازییەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەبڕی باران بارین لەناوچەی لێکۆڵینەوە هەرچەندە لەبەشی باشور و باشوری ڕۆژئاوا بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین بڕەکەی زیاد دەکات، ئەمەش بۆ جیاوازی تۆبۆگرافی ناوچەکە دەگەڕێتەوە (سەعید، ٢٠٠٦، لا٥٥-٥٦).

## ٢. چاخە بەردینییەکان لەسنوری قەزای کۆیە:

چاخە بەردینییەکان بەدرێژترین ماوەی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت لەسەر ڕوی زەوی، و ناوبردنی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تەکنیکی لەبەکارهێنانی بەرد بەشێوەی سەرەکی لەگەڵ دار و ئێسک لە دروستکردنی ئامرازە بەکارهاتوەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمانە، هەروەها دابەشکارییەکەشی لەسەر بنچینەی شێوە و شێوازی دروستکردنی ئامرازە بەردینییەکان و جۆری ئەو بەردەی کە ئامرازەکەی لێدروستکراوە (الدباغ، ١٩٨٥، ص٩٩؛ باقر، واخرون، ١٩٨٧، ص٦٧؛ باقر، ٢٠١٢، ص١٨٦).

بەپێی پشکنینە شوێنەوارییەکان و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، ئەشکەوت و پەناگە شاخاوییەکان و دۆڵ و کەنار ڕوبارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی ئاوەدان بوە بە دانیشتوان لەچاخە بەردینییەکاندا، بەڵام


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

ئەوەی جێگەی مشتومڕی توێژەرانە ئەوەیە؛ کە تاکو ئێستا نەتوانراوە سەرەتاکانی ئەم دەستپێکردنی ژیانە بەشێوەی یەکلاکەرەوە لە هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت (قرداغي، ٢٠٠٨، ص٢٤).

ئەوەی بوەتە یارمەتیدەری دەرکەوتن و بەردەوام بونی ژیان لەناوچەکە بارودۆخی ژینگە لە (ئاووهەوا) و بونی سەرچاوەی خۆراکی بو لەو ناوچەیەدا، کە لەم چاخانەدا مرۆڤ پشتی بەستبو بەکۆکردنەوەی بەروبومی ڕوەکی و ئاژەڵ ڕاوکردن وەک سەرچاوەی خۆراکی ڕۆژانە، (علي، ١٩٨٥، صص٧٤-٧٧).

قەزای کۆیەش وەک بەشێک لەم هەرێمە چەندین پێگەی شوێنەواری لەخۆدەگرێت کە خۆیان لە ژمارەیەک ئەشکەوت، پەناگە و دۆڵ و گرد و کەنار ڕوبار دەبینێتەوە، کە سەردەمەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوە جیاوازەکانی چاخی بەردینی. بەپێی ئەو ڕوپێوە شوێنەواریانەی کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوە و سەردانە مەیدانیانەی ئەنجامدمان داوە لەم بوارەدا، بەشێوەیەکی گشتی چاخە بەردینییەکانی ناوچەکە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان دابەش دەبنە سەر چەند ماوەیەک بەم شێوەی خوارەوە.

### ١,٢. چاخی بەردینی کۆن ( Palaeolithic)[i] :

ئەگەرچی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم چاخە جێگای مشتومڕە، بەڵام شارەزایان ماوەی ئەم سەردەمە بەزیاتر لە (٥٠٠٠٠٠) ساڵ دەخەمڵێنن، و بەشێوەیەکی گشتی دابەشی چەند ماوەیەکی دەکەن وەک (چاخی بەردینی کۆنی خوارو، چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست و چاخی بەردینی کۆنی سەرو) کە هەر یەک لەمانەش ژمارەیەک دابەشی سەر چەند ماوەیەکی جیاواز دەبن صص٢٩٦-٣٠٠). سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش پێگەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە کە مێژویان بۆ کۆتا ماوەی چاخی بەردینی کۆنی خوارو دەگەڕێتەوە کە ئامرازە بەردینییەکانی بە (ئاشولی و موستیری) ناسراون، وەک پێگەی (بەردە بەلەکە) کە پێگەیەکی والایە لەدوری (٤)کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ و مێژوی پێگەکە بە نزیکەی (١٢٠٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا دیاریکراوە (جی ی، ود و هاو، ٢٠٠٥، ل٦٨; Al-Asil, 1949, p.205) .

سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوەش لە هەمان چاخدا، ئەوا لەهەریەک لە پێگە شوێنەوارییەکانی (کانی سپی) لەباشوری گوندی ئەشکەوت سەقا و (گرد جۆتیار و غەریب شار) لە باکور و ڕۆژهەڵاتی گوندی کانی دەربەند و (کوێجان) لەباشوری ڕۆژهەڵاتی گوندی تەکەوڵ و (کاولۆکان) لەباشوری گوندی مام قلینج و (قەڵاتی خری ماڵان) لەڕۆژئاوای گوندی باخەزنێر و (خەرابەی حاجی قەڵا) لەباکوری گوندی حاجی قەڵا و (خەرابەی پیبازۆک) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی پیبازۆک، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢). هەمو ئەمانە پێگەی والا و کراوەن و ئامرازە بەردینییەکانی هاوشێوەی پێگەی بەردە بەلکە و شانەدەر چینیەکانی (C-D) لێدۆزراوەتەوە (مدرية الاثار العامة، ١٩٧٠،صص٢٤-٢٦)، هەروەها لەڕاپۆرتی تیمی ڕوپێوی شوێنەواری عێراقدا هاتوە لە (٢-١٠-١٩٥٣) کە سەردانی پێگەی قەڵای شیلەیان کردوە و کۆمەڵێک ئامرازی هاوشێوەی ئامرازە بەردینیەکانی پێگەی بەردەبەلکەیان دۆزیوەتەوە (کاوێس، ٢٠٠٨، ل١٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

ئامرازە بەردینییەکانی ئەم سەردەمە بە (ئاشولی و موستیری و برادۆستی)[ii] ناسراون، کە بریتین لە تەوری بەردینی دەستی (Hand Axes ) و چەقۆ و تیغ یان تەڵیشە بەرد (Flake Tool)، کە لە کرۆکی یاخود تەڵیزمی بەردەکان دروستکراون (Ahmed, 2012, p.p.2-4). بەپێی ئەو سەردانە مەیدانییانەی کە بۆ بەشێک لەو پێگە شوێنەواریانە ئەنجامانداوە دەرکەوتوە، کە ئامرازە بەردینییەکان لەبەردەچەو و تڵیزمە بەردی ناوچەکە دروستکراون، زۆرینە ڕەنگ (قاوەیی سورباو یان پەمەیی زەردباو و خۆڵەمێشی)ین. بەڕێژەیەکی زۆر لەسەر ڕوکاری پێگەکان بڵاوبونەتەوە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە هەر لەم شوێنە دروستکراون و کەشوهەوای ناوچەکەش یارمەتیدەربوە بۆ مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە تا ماوەیەکی درێژ لەدەرەوەی ئەشکەوتەکان بژین.

**نەخشەی ژمارە (٢)، پێگە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی کۆن لەسنوری قەزای کۆیە.**

**ئامادەکردنی نەخشە، توێژەر هێمن نعمان کاوێس**






Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

### ٢,٢. چاخی بەردینی ناوەڕاست (Mesolithic):

ئەم چاخە بەكۆتایی هاتنی چاخی بەردینی كۆن بەهەمو ماوەكانییەوە دەستپێدەكات و لەلای زۆرینەی شارەزایانی ئەم بوارە بەقۆناغی ڕاگوزەر دادەنرێت لە نێوان چاخی بەردینی كۆن و نوێ، لەم چاخەدا كەشوهەوا بەرەو جێگیری زیاتر هانگاوی ناوە بە بەراورد بە چاخی پێش خۆی و ئەمەش وایكردوە ژمارەی نشینگەكان زیاتربن، كە تاكو ئەو سەردەمەش ئەشكەوتەكان پەناگەی سەرەكی مرۆڤ بوە لەوەرزە ساردەكان، كەنار ڕوبار و گرد و دۆڵەكانیش لەوەرزە گەرمەكاندا (الدباغ و الجادر، ١٩٨٣، ص١٢٥).

ئەم چاخە مێژووەكەی بەشێوەیەكی گشتی بە ( ١٥٠٠٠-١٠٠٠٠) ساڵ پێش زایین دیاریكراوە (مارف، ٢٠١٩، ل٤٣)، كۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە؛ وەک ڕودانی گۆڕانكاری ڕیشەیی لەشێوە و قەبارە و چۆنییەتی دروستكردنی ئامرازە بەردینییەكان و كە (Microlithic) ناسراوە، ئامرازەكان ورد وبچوكن (باقر، ٢٠١٢، ص٢٧)، بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر بڕوانە وێنەكانی ژمارە (١ و ٢).

یەكێكی تر لە تایبەتمەندییە هەر گرینگەكانی ئەم سەردەمە گۆڕانی مرۆڤ بو لە بەكاربەرەوە، كە تاكو ناوەڕاستەكانی ئەم چاخەش بژێوی ژیانی لەسەر كۆكردنەوەی بەروبومی ڕوەک و ڕاوی ئاژەڵ گیاندارە ئاوییەكان بو، بۆ نیمچە بەرهەمهێن ئەویش بەماڵیكردنی ئاژەڵ و هەوڵدان بۆ داچاندنی تۆوی دانەوێڵە خۆرسكەكان (النباتات البرية- ڕوەكە كێویلكەكان)، ئەویش لە هەزارەی (١٢) پ. ز. (Matthews, et al., 2016, p.219)، ئەمە جگە لە دەركەوتنی نشینگەكان لەشێوەی گوندی سەرەتایی لە نمونەی پێگەی (زاوی چەمی) شانەدەر لەنزیک ئەشكەوتی شانەدەر لەپارێزگای هەولێر، كە لەلایەن (ڕاڵف سولوكی) پشكێنەری خودی ئەشكەوتی شانەدەر هەڵكۆڵینی تێداكراو پاشماوەی دیواری نارێكی لەبەردی ڕوبار و قوڕ دروستكراوی تێدا دۆزییەوە (Roux, 1992, p.60). هەروەها دۆزینەوەی جۆرێک لە خشتی كاڵی لولەیی كە لەمسەر و ئەوسەریەوە باریک دەبۆوە و بە (Cigar Shaped) ناسراوە و لەبیناسازیدا باكارهاتبو لە كۆتاییەكانی ئەم سەردەمە لە (ملفعات) (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل٩٨).

ئەم چاخەش لە عێراق بە (چاخی زەرزی) دەناسرێت، كەناوەكەی لە (ئەشكەوتی زرزی) لە پارێزگای سلێمانی وەرگیراوە، هەروەها ئەشكەوتەكانی (پاڵە گەورە) بەدوری (٢٠كم) لەباكوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و پێگەكانی (كریم شهر) لەڕۆژهەلاتی چەمچەماڵ و (ملفعات) لەسەر ڕێگای (هەولێر- موصل) وچینی (B1) لە ئەشكەوتی شانەدەر لەپێگە ناسراوەكانی ئەم چاخەن كە هەڵكۆلینیان تێدا ئەنجامدراوە لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر پێگەی شوێنەواری تر كە بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێنەوە (Charva□t, 2002, p. 2؛ ابراهیم، ٢٠٠٣، ص٣٨).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17




وێنەی ژمارە (١)، پیشەسازی ئامرازە بەردینییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەچاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست، ژمارە (١-٤، چاخی بەردینی ناوەڕاست شانەدەر B مایکرۆلیثك)، (٥-١٣، شانەدەر C برادۆستی)، (١٤-١٦، شانەدەر D موستیری)، (١٧-١٩، بەردە بەلکە، ئاشولی)، بەپشت بەستن بەهەریەك لە:

(Wright & Howe 1951, p.p. 114-116; Solecki، 1952, p.p. 183-189).

لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەکی بەرچاو پێگەی شوێنەواری ئەم چاخەمان هەیە، کە بەشێکیان لە ڕوپێوی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو تۆمارکراون و بەشێکیشیان لە بەسەرکردنەوەکانی ساڵی (٢٠٠٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەوە تۆمارکراون، لەهەمانکاتدا لەلایەن تویژەریشەوە زۆرینەی پێگەکانی ئەم دو بەشەی سەرەوەش بەسەرکراونەتەوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنیان لەسەر نەخشە لەڕێگەی ئامێری (GPS) و وینەگرتنی پێگەکە و بینینی نمونەی پاشماوە شوێنەوارییەکان، بەشی سێیەمیشیان ئەو پێگانەن کە لەکاتی سەردانە مەیدانییەکانی توێژەران تۆمارکراون کە لەپێشوتردا تۆمارنەکرابون.

هەریەک لە پێگەکانی (خەرابگە) لە گوندی پیبازۆک و ( کاولە قازی) لە ڕۆژهەڵاتی گوندی گۆمەشینی شێخان و (گرد جوتیار و غەریب شار) لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی کانی دەربەند، (مدریة الاثار العامة، ١٩٧٠،صص٢٤-٢٦)، هەروەها پێگەی (قەلە ڕەش یان گردی هۆمەر) لە باکوری گوندی کونەگورگ و (گردی جەلال) لەباکوری گوندی ئیلنجاغی گەورە و (گردی هەنجیر) لە باشوری گوندی قەشقە و (قەڵاتگە) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی گوندی سویرەڵە و (سەروکانی کەرکێ) لەباکوری ناحیەی سکتان و گردگۆران لە ڕۆژئاوای گوندی گردگۆران (فەرمانگەی شوێنەوار و کەلەپوری کۆیە، ٢٠٠٣؛ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠، ل٧).

یەکێکی تر لەو پێگانەی کە ژمارەیەکی زۆر ئامرازی بەردینی ئەم چاخەی تێدا دۆزراوەتەوە پێگەی (سەرمەیدان یان بانوی بڵند)ە لەباشوری گوندی سویرەڵە، کە ڕەنگی بەردەکانی زۆرینە قاوەیی سور باو و خۆڵەمێشی و پەمەیی زەردباون، کە پێدەچێت لە بەردی ئاسایی و بەردەچەوەی (بەردی ڕوبار) ناوچەکە هەر لەوشوێنە دروستکرابن، چونکە ژمارەی ئامرازە بەردەکان زۆرە و پارچەی شکاوی بەردەکانیش بەسەر تەواوی ڕوکاری پێگە شوێنەوارییەکە بڵاوبونەتەوە (نوری، ١٩٩٩، ل٦٨-٧٥) بڕوانە وێنەی ژمارە (٢)، هەروەها لەکاتی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

هەڵكۆڵینەكانی ساڵی (١٩٩٨) لەقەڵای شیلە ئامرازە بەردینییەكانی هەمان سەردەمی لێدۆزراوەتەوە (شوێنەوارناسێک، ١٩٩٨، لا١٤٣)، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

### ٣,٢. چاخی بەردینی نوێ (Neolithic):

بەكۆتای هاتنی چاخی بەردینی ناوەڕاست بەنزیكەی (١٠٠٠٠ پ. ز) دەست پێدەكات و لە (٦٠٠٠ پ. ز) كۆتایی دێت، ئەم چاخەش دابەش دەبێتە سەر دو سەردەمی سەرەكی، وەک (چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنە كە لەدو بەشی سەرەكی (A,B) پێكدێت، كە ماوەكەی بە (١٠٠٠٠- ٧٠٠٠) پ. ز خەملێندراوە، هەروەها (چاخی بەردینی نوێی دوای دەركەوتنی گڵێنە) كە مێژوەكەی (٧٠٠٠-٦٠٠٠ پ.ز) (Matthews, et al., 2020, p.6).

دەتوانین ئەم چاخە بەگرینگترین ماوەی چاخەكانی پێش مێژو لە هەرێمی كوردستان و عێراق و جیهانیش ئەژماربكەین، چونكە مرۆڤ توانی گۆڕانكاری لەهەنگاوەكانی بەرەو پێشچونی قۆناغی دوای دۆزینەوەی كشتوكاڵ وماڵیكردنی ئاژەڵ كە خۆی لە نیشتەجێبونی هەمیشەیی و دروستكردنی خانو لەدواییشدا گوندی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش بوە سەرەتاكانی دەركەوتنی كۆمەڵگەی مرۆیی و لەرێگەی ئەمانیشەوە سەرهەڵدانی شار بە هەمو دامەزراوە ئاڵۆزەكانییەوە، (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل٨٤).

یەكێكی تر لە تایبەتمەندییەكانی سەرەتای ئەم چاخە بریتیبو لە دەركەوتنی بازرگانی لەشێوەی گۆڕینەوەی شەمەک بەشمەكی تر، نمونەی ئەم جۆرە بازرگانیەش دۆزینەوەی بەردی ڕەشی (شوشەی ئۆبسیدی) لەناوچەكەمان و دەوروبەریشدا، لەكاتێكدا سەرچاوەی ئەم جۆرە لەبەرد ناوچەكانی چیایی تۆرۆس و دەوروبەری دەریاچەی (وان)ە (باقر، ٢٠١٢، ص٢١٠؛ مارف، ٢٠١٩، ل٤٣)، ئەوە جگەلە دەركەوتنی گڵێنە لەبەشی كۆتایی ئەم سەردەمە، كە لەسەرەتادا دیوارەكانی سادە و زبربون بەهۆی ئەوەی كا و خەوشی زۆر لەقوڕەكەیدا هەبوە (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٠٠).

لە هەرێمی كوردستاندا ژمارەیەكی زۆر پێگەی شوێنەواریمان هەیە كە مێژوەكەیان بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پێگانەی كە هەڵكۆڵینی شوێنەواریان تێدا ئەنجامدراوە ژمارەیان زۆر كەمە بە بەراورد بە ژمارەی پێگەكان، لەگرینگترینیان، پێگەكانی (قرمزدەرە) لە نەینەوا و (نەمریک) لە دهۆک دۆزرانەوە كە مێژویان بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنە دەگەڕێتەوە، كۆمەڵگەكانی ئەم پێگانە تاكو ئەو سەردەمەش بژێوی ڕۆژانەیان لەسەر ڕاوكردنی ئاژەڵ و كۆكردنەوەی بەروبومی ڕوەكی بوە Kozlowski, 1987, p.p.19-26; MacAdam, 1987, p.p.31-37).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

نەخشەی ژمارە (٣) پێگە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی ناوەڕاست لەسنوری قەزای کۆیە

ئامادەکردنی نەخشە، توێژەر هێمن نعمان کاوێس.






Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17




وێنەی ژمارە (٢)، کۆمەڵێک ئامرازی بەردینی یان پاشماوەی ئامرازە بەردینییەکان، کە لەژمارەیەک پێگەی سنوری قەزای کۆیە کۆکراونەتەوە و پۆلێنکراون بەپێی شێوازی باوی ئامرازە بەردینییەکان، لەسەربنچینەی پیشەسازی ئامرازەکان بەم شێوەی خورەوە: (١ و ٢) ئامرازی موستیری لە پێگەی قەڵاتی خری ماڵان لەگوندی باغەزنێر دۆزراوەتەوە. (٣ و ٤) ئامرازی بەردینی برادۆستی لە پێگەی قەڵاتی شیلە دۆزراوەتەوە. (٥-٨) ئامرازی بەردینی (زەرزی- مایکرۆلیثیک) پێگەی سەرمەیدان لە گوندی سوێرەڵە. (٩ و ١٢) ئامرازی بەردینی چاخی بەردینی نوێ لە پێگەی ئەشکەوتی (چیای قوچ) (چیای قوچ) لە گوندی الا الله و (١١،١٠) لە بەردی ئۆپسیدی ساتوقەڵا دۆزراوەتەوە. سەرچاوە، توێژەرەکان.

هەر لە نمونەی پێگە شوێنەوارییەکانی ئەم چاخەش کە شەرەفی دامەزراندنی یەکەم و دوەم گوندی کشتوکاڵیان لەمێژوی مرۆڤایەتیدا کە تائێستا دۆزرابێتنەوە، بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە (بێستانسور و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

چەرمۆ)ن، یەکەمیان دەکەوێتە گوندی (بێستانسور)ی دەشتی شارەزور و مێژوی کشتوکاڵکردنەکە لە پێگە شوێنەوارییەکە بەنزیکە (٨٥٠٠ پ.ز.) خەمڵێندراوە (Matthews, et al., 2020, p.12)، دوەمیشیان (گوندی چەرمۆ)یە لەنزیک قەزای چەمچەماڵ کە مێژوەکەی بەنزیکەی (٦٧٥٠ پ. ز.) خەمڵێندرابو (باقر، ٢٠١٢، ص٢١٩؛ ابراهیم، ٢٠١٩، ل٦٨)، هەر لەم گوندەش یەکەم کورەی سورکردنەوەی گڵێنەش دۆزراوەتەوە (عثمان، ٢٠٢١، ل٥٦). هەر لەم ڕووەوە نابێت پێگەی شوێنەواری (شمشارە)مان لە ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕانیە لەبیر بکەین، کە پێگەیەکی گرنگی چاخی بەردینی نوێ و سەردەمەکانی دواتیریشە (Larsen,1981,p.36).

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ژمارەیەک پێگەی شوێنەواریمان هەیە کەمێژوەکەیان بەچاخی بەردینی نوێ ئەژمارکراوە، ئەویش بەپشت بەستن بەپاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم سەردەمە، لەسەر ڕوکاری پێگەی (ئەشکەوتی چیای قوچ و گردی خەزنە) لە گوندی (الاالله) ژمارەیەک ئامرازی بەردینی لەشێوەی (سەرە ڕم) و (تیغ) دۆزراونەتەوە، وێنەی ژمارە (٣)، کە هاوشێوەی ئامرازە بەردینییەکانی چاڵی ژمارە (١٠)ن لە پێگەی (بێستانسور) و مێژویان بەسەرەتای چاخی بەردینی نوێ دیاریکراوە (Matthews, et al., 2020, p.4).

لەسنوری قەزای کۆیە ژمارەیەک پێگەی ئەم چاخەمان هەیە؛ (گردجۆتیار) لەباکوری گوندی کانی دەربەند و (شێخ محمد) لەباشوری گۆمەشینی شێخان و (خەرابەی پیبازۆک) لەباکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی پیبازۆک و (گردی قوچەک) لە قازبەگیان، لە پێگە شوێنەوارییەکانی ئەو چاخەن (مدرية الاثار العامة، ١٩٧٠،صص٢٤-٢٦). بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

وێنەی ژمارە (٣) ئەشەکەوت و چیای قوچ لە ڕۆژهەڵاتی گوندی الا الله

سەرچاوە، توێژەرەکان (٢٠٢١\٩\١٥).




نەخشەی ژمارە (٤) پێگە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی نوێ لەسنوری قەزای کۆیە

ئامادەکردنی نەخشە، توێژەر هێمن نعمان کاوێس





Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

یەکێکی تر لە پێگە شوێنەوارییەکانی ئەم سەردەمە کە ژمارەیەک لە ئامرازی بەردینی دروستکراو لە (ئۆپسیدی ڕەش)ی تێدا دۆزراوەتەوە کە لەسیما دیارەکانی ئەم چاخەیە، شوێنەواری (قەڵای شیلە) لەگوندی شیلە، هەروەها لەگوندی ساتوقەڵاش لەئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی ساڵی (٢٠١١) لەچینەکانی خوارەوەی بەشی باشوری گردەکە، کە تاکە پێگەی شوێنەواری قەزاکەیە کە هەڵکۆڵینی زانستیانەی شوێنەواری تێدا ئەنجامدرابێت بۆماوەی دو وەرز (٢٠١٠-٢٠١١)، چینێکی ئەستوری قاوغە شەیتانۆکە لەجۆری (Helix Salomonica) تێدا دۆزراوەتەوە، کە هاوشێوەی ئەم چینە لە قاوغە شەیتانۆکە لە پشکنینەکانی پێگەی (چەرمۆ) دۆزراونەتەوە، کە لەچاخی بردینی نوێی پێش گڵێنە ئەم جۆرە کرمە لەخواردنی مرۆڤ (Van Soldt, et al., 2013, p.208) ، هەروەها کۆمەڵێک ئامرازی بەردینی لەشێوەی تیغ و چەقۆی بەردین هەر لەم پێگەیە دۆزراونەتەوە، کە هاوشێوەی ئامرازە بەردینییەکانی هەردو پێگەی شوێنەواری (ملفعات و نەمریک)ە لە پارێزگاکانی نەینەوا و دهۆک (Maeda & Pappi, 2019, p.24).

ئەشکەوتی (سواران) لەگوندی قازبەگیان پێگەیەکی تری ئەم سەردەمەیە، بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)، ئەشکەوتەکە دەکەوێتە (٤)کم باشوری ڕۆژئاوای گوندەکە و گەورەترین ئەشکەوتی گوندەکەیە ناوەکەشی لەفراوانی دەروازەکەی هاتوە کە سوار دەتوانێ بەسەر ئەسپەکەی بچێتە ناویەوە، بەبۆچونی ئێمەش بەرزی دەروازەکەی زیاتر لە (٦)م دەبێت (قازبەگیانی، ٢٠٢١، ل٧٧)، هەروەها لە پێگەی (گردگۆران) لەسنوری گوندی گردگۆران و پێگەی (سەروکانی کەرکێ) لە سەنتەری ناحیەی سکتان ئامرازی بەردینی سەرەتاکانی چاخی بەردینی نوێ دۆزراوەتەوە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان، ٢٠٢٠، ل٧).

کۆتا پێگەش کە تۆمارمان کردوە وەک پێگەیەکی ئەم چاخە، پێگەی شوێنەواری (چاکی بانی)یە لە گوندی باجەوان، بۆ بەرچاوڕونی زیاتر دەربارەی ئامرازە بەردینییەکان لە چاخە بەردینییەکان لەسنوری قەزای کۆیە و بەراوردکردنیان بە ئامرازە بەردنییەکانی پێگە شوێنەوارییەکانی تر بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١ و ٢).

بەر لەگەیشتن بەدەرئەنجامی توێژینەوەکە و بۆ باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکە بە خشتە و گرافیکێک کۆتایی بە باسەکەمان دەهێنین کە ناوی پێگەکان و سەردەمەکانیان و ساڵ و جۆری چالاکییە شوێنەوارییەکان و وێنەی بەشێک لە دۆزراوەکانیان، لەگەڵ ڕێژەی دابەشبونی چاخە بەردینییەکان لە سنوری قەزای کۆیە تێدا بەیان کردوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17



وێنەی ژمارە (٤)، ئەشکەوتی سواران گوندی قازبەگیان، سەرچاوە توێژەر (٢٠٢١\٩\٥).




هێڵکاری ژمارە (١)، دابەشبونی چاخە بەرد ینییەکان لەسنوری قەزای کۆیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7 P-ISSN: 2410 – 1036

| ژ | ناوی پێگەی شوێنەواری | گوند | سەردەم | چالاکی زانستی | دۆزراوەکان | وێنەی نمونەیەک لە ئامرازە بەردینییە دۆزراوەکانی هەر پێگەیەک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەشکەوتی چیای قوچ | الاالله | چاخی بەردینی ناوەڕاست – چاخی بەردینی نوێ | سەردانی کردن-٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٢ | ئەشکەوتی سواران | قازبەگیان | چاخی بەردینی نوێ | سەردانی کردن-٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٣ | خەرابەی پیبازۆک | پیبازۆک | چاخی بەردینی کۆن – چاخی بەردینی نوێ | ڕووپێوی-١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ٤ | خەرابەی حاجی قەلا | حاجی قەلا | چاخی بەردینی کۆن | ڕووپێوی-١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ٥ | خەرابەی کانی سپی | ئەشکەوسەقا | چاخی بەردینی کۆن | ڕووپێوی-١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ٦ | قەلاتی ساتوقەلا | ساتوقەلا | چاخی بەردینی نوێ | کنەی شوێنەواری-٢٠١١ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٧ | سەروکانی کەرکێ | سکتانی کۆن | چاخی بەردینی ناوەڕاست | ڕووپێوی-٢٠٢٠ | ئامرازە بەردینییەکان |  |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | سەرمەیدان | سوێرەلە | چاخی بەردینی ناوەڕاست | سەردانی كردن-١٩٩٩-٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەكان |  |
| ٩ | شێخ محمد | گۆمەشینی شێخان | چاخی بەردینی نوێ | ڕوپێوی-١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەكان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی كردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەكی ئامرازە بەردینییەكان |
| ١٠ | غەریب شار | كانی دەربەند | چاخی بەردینی كۆن - چاخی بەردینی ناوەڕاست | ڕوپێوی-١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەكان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی كردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەكی ئامرازە بەردینییەكان |
| ١١ | قەڵاتی خری ماڵان | باغەزنێر | چاخی بەردینی كۆن | ڕوپێوی-١٩٥٥، سەردانی كردن ٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەكان |  |
| ١٢ | قەڵاتی شیلە | شیلە | چاخی بەردینی كۆن - چاخی بەردینی ناوەڕاست – چاخی بەردینی نوێ | ڕوپێوی -١٩٥٤، كنەی شوێنەواری ١٩٩٨، سەردانی كردنی ٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەكان |  |
| ١٣ | قەڵاتگە | سوێرەڵە | چاخی بەردینی ناوەڕاست | سەردانی كردن-١٩٩٩-٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەكان |  |
| ١٤ | قوڵجی شای | شیوەشان | چاخی بەرینی كۆن | ڕوپێوی -١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەكان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی كردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەكی ئامرازە بەردینییەكان |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | کاولە قازی | گۆمەشینی شێخان | چاخی بەردینی ناوەڕاست | سەردانی کردن٢٠٢٢ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ١٦ | کاولۆکان | مام قلینج | چاخی بەرینی کۆن | ڕوپێوی -١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ١٧ | کوێجان | تەکەور | چاخی بەرینی کۆن | ڕوپێوی -١٩٥٤ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ١٨ | گرد جۆتیار | کانی دەربەند | چاخی بەردینی کۆن – چاخی بەردینی ناوەڕاست – چاخی بەردینی نوێ | ڕوپێوی -١٩٥٤، سەردانی کردن ٢٠٢٢ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ١٩ | گردی چاکی بانی | باجەوان | چاخی بەرینی نوێ | سەردانی کردن ٢٠١٦ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٢٠ | گردی جەلال | ئیلنجاغی گەورە | چاخی بەردینی ناوەڕاست | ڕوپێوی ٢٠٠٣ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | گردی خەزنە | الااللە | چاخی بەرینی نوێ | سەردانی کردن-٢٠٢١ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٢٢ | گردی قوچەک | قازبەگیان | چاخی بەرینی نوێ | سەردانی کردن -٢٠١٦ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ٢٣ | گردگۆران | گردگۆران | چاخی بەردینی ناوەڕاست – چاخی بەردینی نوێ | سەردانی کردن ٢٠١٦، ڕوپێوی ٢٠٢٠ | ئامرازە بەردینییەکان |  |
| ٢٤ | گرد هەنجیر | قەشقە | چاخی بەردینی ناوەڕاست | ڕوپێوی ٢٠٠٣ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |
| ٢٥ | گرد هۆمەر | کونە گورگ | چاخی بەردینی ناوەڕاست | ڕوپێوی ٢٠٠٣ | ئامرازە بەردینییەکان | تەنها ڕاپۆرتی سەردانی کردن بەردەستە بێ هیچ وێنەیەکی ئامرازە بەردینییەکان |

خشتەی ژمارە (١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

## ئەنجام:

وەک چۆن بەڵگە شوێنەوارییەکان سەلماندویانە کە باشوری وڵاتی دو ڕوبار لانکەی سەرهەڵدانی نوسینە، بەپێی ئەوداتا و بەڵگانەش کە لەبەر دەستن بۆمان ڕوندەبێتەوە کە باکوری وڵاتی دو ڕوبار لە نێویشیدا هەرێمی کوردستان، هەر لە چاخی بەردینی کۆنەوە بەلانکەی یەکەمین نیشانەکانی دەرکەوتنی ژیان و نیشتەجێبون و کشتوکاڵکردن و دادەندرێت لەجیهاندا یاخود لانی کەم بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک. سنوری قەزای کۆیە وەک بەشێکی ئەو جوگرافیایە بەدور نییە لەو ڕوخسارە شارستانییەتیانە و ئامرازە بەردنییەکانی سەر ڕوکاری پێگە شوێنەوارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، سەلمێنەری ئەو دێرانەن.

چاخە بەردینییەکان بەدرێژترین ماوەی ژیان دادەنرێت لە تێکڕای ماوە و سەردەمە جیاوازەکانی مێژوی مرۆڤایەتی و داهێنانە لەسەرخۆ و گرینگەکانی تێکڕای ئەم چاخانە بەردی بناغەی داهێنانەکانی سەردەمەکانی دواترە بەئەمرۆشەوە، بۆیە توێژینەوە لە پێگە شوێنەوارییەکانی ئەم سەردەمە پێویستییەکی بنچینەیە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغەکانی دواتری شارستانییەت و مێژوی ناوچەکەمان.

لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەمان چەند تێبینییەکمان دەربارەی خەسڵەتەکانی ئەم چاخانە و پێگە شوێنەوارییەکانی سنوری قەزای کۆیە بۆ دەرکەوت، سەرەتا ژمارەی پێگەکان لە چاخە بەردینییەکان بەگشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین ژمارەیان (٢٥) پێگەیە، کە هەندێکیان زیاتر لەیەک ماوەی ناو ئەم چاخە دورودرێژە لەخۆدەگرێت و جۆری پێگەکانیش بریتین لە ئەشکەوت و گرد و دەشتەکانی بنار چیاکان و نزیک ڕوبارەکان ئەو دۆڵانەی کە لەکۆندا شوێن ڕوبار بون، هەروەها هەڵکەوتەی پێگەکان بەگشتی بەم جۆرەیە؛ پێگەکانی کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست دەکەونە دامێنی چیاکان، کە پێدەچێت لە وەرزە سەخت و ساردەکان ئەشکەوت و پەناگە شاخاوییەکانیان بۆ ژیان بەکارهێنابێت و لەو وەرزانەش کە کەشو هەوا خۆش بوە ئەوا دامێنی چیاکانیان وەک نشینگە بەکارهێناوە.

سەبارەت بەو پێگانەش کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ، بەگشتی دەکەونە نزیک لە ڕوبارەکان و دەشتەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشتربونی کەشوهەوا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە پێگەکانی ئەوسەردەمە ژمارەیان کەمترە لە پێگەکانی ماوەکانی پێشتر، کە لەبنچینەدا دەبو بەپێچەوانە بوایە؟! بەهۆی باشتر بونی کەشوهەوا و ئاسانبونی هاتوچۆ و زیاتربونی ژمارەی مرۆڤەکان و هەمەجۆرتربونی سەرچاوەی خۆراک. بە تێڕوانینی ئێمە ئەم حاڵەتە پەیوەندی هەیە بەکەمی پشکنین و توێژینەوە شوێنەوارییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە نەوەک ژمارەی پێگە شوێنەوارییەکانی ئەو سەردەمە، هەروەک تێبینیش دەکرێت هەمو ئەو پێگانەی لە چاخی بەردینی نوێ شوێنی نیشتەجێبونی مرۆڤ بون لەسەردەمەکانی دواتریش هەر ئاوەدانبون و زیاتر لەسەردەم و چاخێکیان لەهەناوی خۆیاندا هەڵگرتوە، بۆیە بەبۆچونی ئێمە پێگەکانی چاخی بەردینی نوێ لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەژێر چینەکانی سەردەمەکانی دواتر خۆیان مەڵاس داوە، لەچاوەڕوانی پاچ و فلچەی شوێنەوارناسان تاکو چیرۆکی نەبیستراوی خۆیان بخەنە سەر لاپەڕەی مێژوی نەنوسراوی ئێمە و نیشتمانی سەدان جار سوتێنراومان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

گرینگترینی پێگە شوێنەوارییەکانی ئەم چاخانە کە دەکرێت لە پرۆژەیەکی کنەوپشکنینی شوێنەواری سودی لێوەربگیرێت و چاوەڕوانی ئەنجامی گرینگ و دڵخۆشکەر لێدەکرێت، دەربارەی مێژوی ئەم چاخانە لەسنوری قەزای کۆیە بریتین لە پێگەکانی (گردجۆتیار، قەلای شیلە، ئەشکەوتی چیای قوچ و گردگۆران).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

# Koya District in the Stone Ages

**Ardalan Othman Hassan Khoshnaw[1] - Hemin Naman Kawes[2]**
[1+2] Department of Archaeology, College of Art. Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The Stone Ages are considered the longest age's humans have lived on earth. These periods were named after the technical aspect of using stone mainly along with wood and bone to make tools used in one's daily life in those periods. The division of these periods came on the basis of the shape and method of making the stone machines and the types of stones used to make them.

The Koya district, as a part of the Iraqi-Kurdistan region, includes many archaeological sites dating back to these periods which are represented by a number of caves, shelters, valleys, and river banks, which times date back to different stages of these periods. According to the archaeological surveys that have been carried out in the areas of the Koya district and the visits to different areas of the district and the research that we have carried out, it has become clear to us that the Stone Age of the region, like the rest of the Kurdistan region, is divided into several roles, such as Paleolithic, Mesolithic, and Neolithic.

**Keywords:** Stone Ages, Stone Tools, Koya District, Archaeological Sites, Village.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

## سەرچاوەکان:

ابراهيم، ن. ج. (٢٠٠٣) *العصر الحجري الحديث في كردستان العراق*، رسالة ماجستير مقدمة الى- كلية اداب – جامعة صلاح الدين- اربيل – غير منشورة.

ابراهيم، ن. ج.، (٢٠١٩) *ناوچەی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی کنەوپشکنینی شوێنەواری، سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان*، هەولێر، بەشی شوێنەوار- کۆلیژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ل ٦٢-٨٠.

ئەحمەد، ک. م، (٢٠٠٨) *کوردستانی ناوەراست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دا*، چاپی دووەم، سلێمانی، بنکەی ژین.

ئەحمەد، ک. م، (٢٠١٣) *بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا بوو، دەست بژاردەیەکی داهێنانەکانی کوردستانی کۆن لە سەردەمانی پێش مێژوودا*، *گۆڤاری ژین* ٥، ل ٩٧-١٠٧.

باقر، ط. (٢٠١٢) *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ج١، بيروت، دار الورق اللنشر.

باقر، ط.، علي، ف. ع.، وسليمان، ع. (١٩٨٧) *تاريخ العراق القديم*، ج١، اربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين.

الباوي، ح. ا. س. (٢٠١٩) منجزات *انسان الكهوف في اقليم كردستان في العصور الحجرية*، پرۆسدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی – *شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان* ، هەولێر، صص ٢٩٤-٣١٠.

تەیب، ج. ف.( ٢٠٠٨) کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ *لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە*، چاپی دووەم، هەولێر.

الجميلي، ع. ع. وذنون، ا. ك. (٢٠٢١) *علم الجغرافية رافد من روافد علم الاثار ومعطياته المعرفية، العراق القديم انموذجا*، *مجلة الملوية للدراسات الاثارية والتاريخية* )كلية الاثار – جامعة سامراء ٢٥، صص ١٩٥-٢٢١.

حەوێزی، ت. ئ. (٢٠٠٧) *مێژووی کۆیە*، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی کاروان.

الدباغ، ت.(١٩٨٥) *الالات الحجرية*، *حضارة العراق*١، نخبة من الباحثين العراقيين, صص٩٩-١١٠، بغداد، دار الحرية للطباعة.

الدباغ, ت. وجادر، و. (١٩٨٣) *عصور ما قبل التاريخ* .بغداد: مطبعة جامعة بغداد.

الزيدي، ن. ع. والطلبي، ج. ح. (٢٠١٩) *اثر البيئة في ظهور المدينة ونشوء الدولة في بلاد الرافدين*، *مجلة القادسية للعلم الانسانية* ٢٢، صص ٤٠٣-٤٢١.

سەعید، ک. ط.(٢٠٠٦) *قەزای کۆیە، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی* ، نامەی ماستەر کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی کۆیە – زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوەتەوە، بڵاونەکراوەتەوە.

سولكي، ر. ( ٢٠١٨) *شانيدر شعب الزهور الاول*، ترجمة، عبدالله شالي وعثمان رضا، سليمانية، مؤسسة دوارۆژ.

شارەزا، ک. ( ١٩٩٩) *لمحة عن تاريخ كويسنجق وانحائها*، *مجلة زاگرۆس* ٣،ص ٤٠.

علي، ع. ح. (١٩٨٥) *انسان الكهوف*، *حضارة العراق، ج*١، نخبة من الباحثين العراقيين، صص٧٣-٩٩، بغداد، دار الحرية للطباعة.

عثمان، ع. ب. (٢٠٢١) *سەرەتای دەرکەوتنی کورەی گڵێنەسازی لەباکوری میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی پێش مێژوودا تا سەردەمی ئاشوری نوێ*، (*گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*| *زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر* ٢٥ -٣، ل٥٣-٧١.

عومەر، ل. و. (٢٠٠٩) *بنەماکانی جوگرافیای گەشت وگوزار بە پراکتیزەکردن لە قەزای کۆیە*، هەولێر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە.

عەزیز، ر. س. (٢٠٠٦) *دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان* ، نامەی ماستەر کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی کۆیە – زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوەتەوە.

قرەداغي، ر. ع. .٢٠٠٨، *كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى*٦١٢ ق.م، جامعة السليمانية: اطروحة دكتورا- كلية العلوم الانسانية – قسم التاريخ، غير منشورة.

قازبەگیانی، ش. ئ. (٢٠٢١) ( *قازبەگیان ناساندنێکی جوگرافی، مێژوویی، کەلتوری)یە* .سلێمانی.

شوێنەوارناسێک. (١٩٩٨) *ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لە قەڵای شیلە، هەزارمێرد*٦، ل١٤٢-١٥٨.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17

كاوێس، ه. ن. (٢٠٠٨) *شوێنەواری قەڵای شیلە و پەرستگا زەردەشتییەکەی* ، *سوبارتو* ٢، ل ١٨-٢٨

مارف، د. ع. (٢٠١٩) *کرۆنۆلۆژیای مێژوو و شارستانییەتیە کۆنەکانی ناوچەی کۆیە لەژێر ڕۆشنایی نووسینە مێخییەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا*، *کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا*، زانکۆی کۆیە . ل٤٠-٥٤.

نوری، ع. (١٩٩٩) *بەردە ئەستێکانی شوێنەواری سەرمەیدانی گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە*، *هەزارمێرد* ٨، ل٦٨-٧٥.

مدرية الاثار العامة، (١٩٧٠) *المواقع الاثرية في العراق* ، بغداد، وزارة الاعلام.

ی, ڕ. جێ، برید وود وهاو، ب. (٢٠٠٥) *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، *وەرگێڕانی* ، ئاسۆس محمد مەلاقادر . هەولێر: دەزگای موکریان.

Ahmed, K. M. (2012) *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis*. Leiden.

Al-Asil, N. (1949) "Barda Balka." *Sumer* 5: 205-206.

Charvát, P. (2002) *Mesopotamia BeforeHistory*. 2nd edition. London: Routledge.

Kozlowski, S. K. (1987) "A Preliminary Repor on the Third Season/1987 Excavations at Namirik 9 / Saddam Dam Salvage Project." *Sumer* 46: 19-26.

Larsen, M. T. (1981) "*The Shemshara Archives*." *Sumer* 42: 36-39.

Macadam, E. (1987) "*The Excavations at Qirmiz Dere 1986 a Preliminary Report*." *Sumer* 46: 31-37.Maeda, O. and Pappi, C. (2019) "*Bladelet production by pressure- Flaking at the Proto-Neolithic site of Satu Qala in Iraqi Kurdistan*." *NEAR EASTERN LITHIC TECHNOLOGIES ON THE MOVE. INTERACTIONS AND CONTEXTS IN NEOLITHIC TRADITIONS.* Uppsala, Sweden: ASTROM EDITIONS. 249-256.

Matthews, R., Richardson, A. and Maeda, O. (2020) *"Early Neolithic Chipped Stone Worlds of Bestansur and Shimshara." In THE EARLY NEOLITHIC OF THE EASTERN FERTILE CRESCENT: EXCAVATIONS AT BESTANSUR AND SHIMSHARA, IRAQI KURDISTAN*, by Matthews, Wendy Roger Matthews, Amy Richardson and Kamal Rasheed Raheem, 461-531. United Kingdom: OXBOW BOOKS.

Matthews, R., Matthews, W., Raheem, K. R. and Aziz, K. R. (2016) "*Current Investigation into the Early Neolithic of Zagros foothills of Iraqi Kurdistan." In The Archaeology of The Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions*, by kostantinos Kopanias, 219-228. Oxford: Gordon House.

Roux, G. (1992) *Ancient Iraq* . 3rd edition. London: Penguin Books.

Van-Soldt, W.H., Pappi, C., Wossink, A., Hess, C. W. and Ahmed. K. M. (2013) "*SATU QALA: A PRELIMINARY REPORT ON THE SEASONS 2010- 2011." ANATOLICA* 39: 197-239.

Solecki, R. (1952) "*A Paleolithic Site in the Zagros Mountains of Northern Iraq, Report on a Sounding at Shanidar Cave." Sumer* 8: 127-190.

Wright, H. E., and Howe, B. (1951) *"Preliminary Report on Sounding at Barda Balka." Sumer* 7: 107-117.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17**

## ئەرشیفە کەسی و گشتییەکان

لشکری، م. (٢٠٢١) نەخشەی قەزای کۆیە بەپێی هەرێمی کوردستا
ن.

فەرمانگەی شوێنەوار و کەلەپوری کۆیە، (٢٠٠٣) *ڕووپێوی شوێنەواری هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار-فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە*.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوری هەرێمی کوردستان، (٢٠٢٠) *ڕاپۆرتی ڕووپێوی شوێنەواری هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان -فەرمانگەی شوێنەوار و کەلەپوری کۆیە*.

## پەراوێزەکان:

[i] (Palaeolithic )، دەستەواژەیەکی (گریک)یيە کەلە هەردو وشەی (Palaeos) کە بەمانای (کۆن) دێت و وشەی (Lithos) کە بەمانای (بەرد) دێت (سولكي، ٢٠١٨، ص١٥).

[ii] (ئاشولی و موستیری و برادۆستی)، هەریەک لەم ناو و دەستەواژانە مانا و سەردەمی جیاوازیان هەیە، سەرەتا ئەگەر دەستەواژەی (ئاشولی) وەربگرین دەبینین وشەکە لە ناوی شوێنێک وەرگیراوە کە (سانت ئاشول)ە لەفەرەنسا و ئامرازە بەردینییەکانی شێوەی بادەمی یان دڵی هەیە خۆیان لە بەردە تەوری دەستی دەبینەوە و مێژووەکەیان بەکۆنتر لە (١٠٠٠٠٠)ساڵ دادەنرێت و ئامرازە بەردینییەکانی بەردە بەلەکە لەهەرێمی کوردستان باشترین نمونەی ئەمجۆرەن، سەبارەت ئامرازی(موستیری)یەکانیش ناوەکەی لە ناوی ناوچەی (موستیە) لەفەرەنسا وەرگیراوە و لە هەرێمی کوردستانیش هاوسەردەمە لەگەڵ (شانەدەر چینی D) و بەهەمان شێوە هاوسەردەمە لەگەڵ ئامرازە بەردینییەکانیقەڵاتیخری ماڵان لەگوندی باخەزن و مێژووەکەی بە نزیکەی (٦٠٠٠٠- ٤٥٠٠٠) ساڵ دیاری کراوە، دواترینیشیان (برادۆستی)ە، کەناوەکەی لەبنچینەدا (ئۆرگەنیشیی)ە، (ڕالف سولوکی) لەکاتی هەڵکۆڵین لە (ئەشکەوتی شانەدەر) دەستەواژەی (برادۆستی) بۆ ئەم جۆرەی ئامرازە بەردینییەکان بەکارهێنا و هاوسەردەمە لەگەڵ (شانەدەر چینی C) کەمێژووەکەیان بە نێوانی (٣٤٠٠٠-٢٥٠٠٠) ساڵ خەمڵێندراوە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەش ئامرازە بەردینییەکانی قەڵاتی شیلە لەگوندی شیلە هاوشێوەی ئەم جۆرەی کۆتایین لە ئامرازە بەردینییەکان (الدباغ، ١٩٨٥، ص ص١٠٠-١٠٢)، بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١-٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper17